وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو

ژمارە :١٤٣٤٢ لە ٢٠١١/١٠/٦

ڕێنمایی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١١

پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی قارچك

مەبەست لە دامەزراندنی پرۆژەی قارچك ، بەرهەم هێنانی بەرهەمی(قارچك)ە بەشێوەیەکی زانستییانە و تەندروست ، ئامانجیش لەپرۆژەکە بەرهەم هێنان و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و هونەری جوتیاران و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ بێت لەو بوارەدا .

مەرجی پێویست بۆ پێدانی مۆڵەت :

١- دەبێت رووبەری زەوی پێویست بۆ پرۆژەکە لە (١,٥) دۆنم کەمتر نەبێت ئەگەر پرۆژەکە تەنیا یەکەی بەرهەم هێنانی قارچك بگرێتە خۆ .

٢- دەبێت رووبەری زەوی پێویست بۆ پرۆژەکە لە (٢,٥) دۆنم کەمتر نەبێت ئەگەر پرۆژەکە جگە لە یەکەی بەرهەم هێنانی قارچك یەکێك یان هەردوو یەکەی (بەرهەم هێنانی تۆو) و یەکەی (بەرهەم هێنانی کۆمپۆست) بگرێتە خۆ .

٣- پرۆژەکە (٧٥) مەتر لە ڕێگای سەرەکی و (٢٥٠) مەتر دووربێت لە شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانی .

٤- دروست کردنی بینایەکی تایبەت بۆ بەرهەم هێنانی قارچك کە لە (٦) هۆل کەمتر نەبێت و هەر هۆلێکیش رووبەرەکەی (٢٠* ٥* ٥) مەتر کەمتر نەبێت ، لەگەڵ دابین کردنی تەواوی پێداویستیەکانی هۆلەکان لە (کارەبا ، ئاو پرژێنەر ، ڕەفە ، کۆنترۆلی پێویست بۆ ڕاگرتنی کەش و هەوای هۆلەکە و پاقژکردنی ڕۆژانە ..... هتد) .

٥- ئەگەر پرۆژەکە یەکەی بەرهەم هێنانی تۆوی لەگەلدا بوو پێویستە دوو هۆڵ دابەزرێن یەکێکیان بە رووبەری (٥*٧) مەتر کەمتر نەبێت بۆ تاقیگە و دووەمیان بۆ ئامێز (حاضنة) (١٠*٥) مەتر کەمتر نەبێت .

٦- ئەگەر پرۆژەکە یەکەی بەرهەم هێنانی (کۆمپوست)ی لەگەڵدا بوو گۆڕەپانێکی پەسێنراوی هەبێت بە رووبەری (٤٠*٢٥)مەتر کەمتر نەبێت .

٧- پڕۆژەکە سەرچاوەی ئاوی پێویستی هەبێت .

٨- پێشکەش کردنی وێنەیەك لە خاوەنداریێتی زەویەکە .

٩- ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگیرێت وەك سەرجەم پرۆژەکانی دیکەی کشتوکاڵی لەگەڵ وەرگرتنی مۆڵەتی تەندروستی .

١٠-چاندنی چوار دەوری پرۆژەکە بە نەمامی گونجاو ، باگیرەوە (مصدات الرياح)ی بۆ دروست بکرێت.

جمیل سلێمان حیدر

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو